www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:21 19-7-2006

# با دەزگای راگەیاندن لە پێشەوەی چاکسازییەوە بێت ... ئارام کۆیی

ماوەیەکە هەندێ جموجوڵ و چالاکی هەست پێ دەکرێت وەکو هەڵمەتێکی چاکسازی لە ناو ریزەکان و هەندێ دام و دەزگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بە چاوپۆشین لە درەنگ وەختیی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە، بەندە بە کارەکتەرێکی ئیجابیی دەبینێت لە ژیانی ساسیی ئەم حیزبەدا و کۆمەڵێك مانای زیندوو دەبەخشێت، وەلێ پێم وایە چاکسازی هێشتا سەرجەم دەزگاکانی ئەو حیزبەی نەگرتووەتەوە، کۆمەڵێك دەزگای هەستیار هەیە کە پێویستە گۆڕان و چاکسازی لەوێوە دەست پێ بکات. لێرەدا مەبەستم دەزگاکانی راگەیاندن و میدیاکانی یەکێتییە کە پێویستە خیتابی ئێستای گۆڕانی ریشەیی بەسەردا بێت و شێوازێکی مەدەنییانە و پێشکەوتوو تەبەنی بکات و واز بێنێت لە سیاسەتی دەمارگیریی حیزبی و پەراوێزخستن و نەخوێندنەوەی بەرامبەر و ماف پێنەدانیان بۆ تەرحی بیروڕا و بۆچوونەکانی. نموونەکان زۆرن، تازەترینیان ئەو بەرنامەیەی کەناڵی ئاسمانیی کوردسات بوو بە ناوی (کەلتور و رۆشنگەری) کە تیایدا بابەتی موعارەزە لە کوردستان رۆڵی سیاسی تاوتوێ کرا، لەم بەرنامەیەدا میوانداریی بەڕێزێك کرابوو بە ناوی (یاسین حەسەن) وەك پسپۆڕ لە بواری ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، لێرەدا سەرنج ئەوەیە ئەو زانکۆ و زانستگا و پەیمانگا ئەکادیمییانە کێن کە پلەی پسپۆڕیەتی دەبەخشن لە بواری ئیسلامیدا لە کوردستان، ئەو پرەنسیپ و رێسایانە کامانەن کە پسپۆڕیەتی لە بواری ئیسلامی سیاسیدا پێوەی بەندە؟ من دەپرسم میسداقیەتی بەرنامەیەکی ئاوا کە پرسێکی لەم جۆرە تاوتوێ دەکات، لە کوێیە، لە کاتێکدا دەیان بیرمەند و سیاسیی ئیسلامی هەیە لە کوردستان بێبەش کراون لەم مێزی گفتوگۆیە؟ ئایا لەگەڵ ئامادەبوونی ئەم پسپۆڕەدا کەسایەتییەکی سیاسی ئیسلامیش ئامادە بووایە، گفتوگۆکان گەرم و گوڕتر و واقیعیتر نەدەبوو؟ بەڵام بەداخەوە ئەوە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی راگەیاندنی یەکێتییە کە پێوەی دەناڵێنێ، بۆیە پێویستە پرۆسەی چاکسازی بە شێوەیەکی هاوئاست و بەرەو پێش بڕوات و هەمەلایەن بێت، دۆگمایی و چەقبەستوویی و خۆ بچووککردنەوە و نەخوێندنەوەی بەرامبەر خاسیەتگەلێکن دەزگای راگەیاندن گەندەڵ دەکات، بۆیە راگەیاندنی یەکێتی دەخوازێت ئەم هەڵمەتە ئەویش بگرێتەوە.